# هەواڵەکانی بزووتنەوەی سۆسیالستی و کرێکاری و جەماوەری جیهانی

## پورتگال









لە بەرواری 20–2–2005 یەك شەممە هەڵبژاردنی پێشوەختی پەرلەمان ئەنجام درا کە 65٪ هاولاتیانی پورتگالی بەشدارییان تێیدا کرد , لە ساڵی 2002دا ڕێژەی بەشداری 61,5 ٪ بوو .

سۆسیال دیموکراتەکان تێکشکانێکی کاریگەرییان لەم هەڵبژاردنە بەر کەوت , لە پەرلەمانی پێشوو 40,5٪ ی دەنگەکان و خاوەندی 105 کورسی پەرلەمان بوون لە کۆی 230 کورسی , بەڵام ئەمجارە 28,75٪ ی دەنگەکان و 73 کورسییان هێناوە , ئەمەش کەمترین ژمارەیە لە ساڵی 1983 بە دواوە , بەڵام پارتی سۆسیالستی چەپڕەو کە لە پەرلەمانی پێشوو 37,9٪ ی دەنگەکان 96 کورسی هەبوو , لەم خولەدا توانی 45,53٪ ی دەنگەکان و 119 کورسی بێنێتەوە . هەرچی کۆمۆنیستەکانن لە خولی پێشوودا 7٪ ی دەنگەکان و خاوەندی 12 کورسی بوون , ئەمجارە 7,7٪ ی دەنگەکان و 14 کورسییان هێناوە , چەپی ڕادیکاڵ (بلۆکی چەپ) جاری پێشوو 2,8٪ دەنگەکان و 3 کورسییان هەبوو , لەم خولەدا ژمارەی کورسییەکانییان کردە 8 و ڕێژەی دەنگەکانیشییان گەیشتە 6,28٪ . بەڵام پارتی گەلی ڕاستڕەو پی پی هاوپەیمانی سۆسیال

دیموکراتەکان لە دەسەلات زییان لێکەوتوی دووەم بوون لە هەڵبژاردنەکان ڕێژەی دەنگییان لە 8,8٪ ەوە دابەزی بۆ 7,27٪ , ژمارەی کورسییەکانیشی لە 14ەوە دابەزی بۆ 10 .

ئەنتۆنیۆ باریتۆ چاودێری سیاسی ووتی: ئەمە یەکەم جارە چەپ لە پورتوگال پشتگیری جەماوەری وایان لێ بکرێت , چەپەکان کۆی گشتی 59٪ دەنگەکانییان هێنایەوە . ئەمە لە ماوەی 10 ساڵدا یەکەم جارە پارتێکی سیاسی زیاتر لەنیوەی دەنگەکان بهێنێتەوە . باولۆ بورناس سکرتێری پی پی پاش وازهێنانی لە سەرۆکی پارتەکەی بەهۆی دۆڕاندنی پارتەکەیەوە ووتی : زەنگی مەترسی لەسەر پورتوگالە بە هۆی گەشەی بیری توندڕەوی بە تایبەتی چەپی توندڕەو . پورتوگال 31ەمین هێزی ئابورییە لە جیهاندا ,کۆی گشتی بەرهەمی نەتەوەییەکەی لە ساڵی 2003 دا 149,454 ملیار دۆلار بوو , بێکاریش لە ساڵی 2001 تەنها 4,8٪ و ئێستا 7,3٪ , بۆیە سۆسیالستەکان بەرەو ڕوی چارەسەرکردنی کێشەی توندی ئابوری دەبنەوە لە هەژارترین ووڵاتی یەکێتی ئەوروپا , سەرۆك وەزیرانی سۆسیالستی ئیسپانیا بەم سەرکەوتنەی چەپەکان شاگەشکە بوو .

چین



سەرمایەگوزاری بێگانە لە مانگی ڕابردوو لە چین گەیشتە 4,1 ملیار دۆلار بە زێدەی 10,7٪ زیاتر لە هەمان مانگی ساڵی پێشوو . پارساڵ کۆی گشتی سەرمایەگوزاری بێگانە لە چین گەیشتە 60,63 ملیار دۆلار , هاوکات پارساڵ 43000 کۆمپانیا بە سەرمایەگوزاری بێگانەو ساڵی 2003 ژمارەی 41000 کۆمپانیا بە سەرمایەگوزاری بێگانە دامەزران لە چین .

–بەهۆی خراپی و مەترسی هەلومەرجی کارو مەترسییەکانی کارکردن لە کورەخانەکانی خەڵوزی بەردین لە چین کە 203م لە قوڵایی زەویدایە , لە ئەنجامی دارمانی یەکێکییان لەچین 203 کرێکاری چینی بونە قوربانی .

ڕۆما

یەك شەممە نیو ملیۆن کەس ڕژانە ناوشەقامەکان ڕۆما بە بانگەوازی ڕۆژنامەی مانفیستۆ بۆ پشتگیری و هاوسۆزی لەگەڵ ڕۆژنامەنوسی کۆمۆنیست سغرینا, کە پێشتر پێشبینییان وابوو تەنها 200000 بەشداری خۆپیشاندانەکە بکەن . لیبراسیۆن کەڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی فەرەنسی چەپڕەوە بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کردبوو ووتیان خۆپیشاندانەکە سەرنج ڕاکێشە .

خۆپیشاندەران داوای کێشانەوەی سوپای ئیتاڵییان کرد لە عێراق . ڕۆمانۆ برۆدی کەسایەتی ناسراوی ئەوروپی کە بەشداری خۆپیشاندانەکەی کردبوو ووتی : گەل لەگەڵ سغرینایە .





كۆنگۆ و بلاو بونەوەی تاعون

هەزاران كەس بەهۆی بلاو بونەوەی تاعون لە باكوری ڕۆژهەلاتی كۆنگۆ هەلاتن , تا ئێستا 61 كرێكاری كانەكانی مس لە شاری زوبیا بەهۆی نەخۆشی تاعونەوە گیانییان لە دەست داوە .

ئیكوادۆر

لە كیتۆی پایتەختی ئیكوادۆر خۆپیشاندانی هەواداری و دژ بە سەرۆكی وولات بەرپاكرا , 40000 لە ئۆپۆزسیۆن لە چەپ و ڕاست , سەروكیش بە یاوەری 20000 لە لایەنگرانی لەبەردەم كۆشكی سەرۆكایەتی خۆپیشاندانی دژی ئەنجام دا . ماكویا سەرۆكی شارەوانی باكۆن پەیوەست بوو بە ئۆپۆزسیۆنەوە , ناوبراو ژەنەراڵێكی سوپایەو لە جەنگی دژ بە پیرۆ لە ساڵی 1992 بەشداری كرد . ناوبراو بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی لە ساڵی 2007 پاڵێوراوەو سۆسیال دیموكرات و چەپی دیموكرات و هیندییەكان پشتگیری لێدەكەن .

سلفادۆر

لە پایتەختی وولات 320 سانديكایی بە یاوەری سەدان دەست فرۆشی هەژار هێرشییان كردە سەر ساختمانی سەرۆكی پۆلیسی شار , دژ بەو هێرشانەی دەكرێتە سەر دەست فرۆشانی هەژار لە لایەن پۆلیسەوە . 12 لە خۆپیشاندەران گیران .

بەرازیل و فەنزویلا

هەردوو سەرۆكی چەپڕەوی ئەمەریكای لاتین كە لە گەڵ كاسترۆ سیانەییان پێك هێناوە لە كیشوەرەكە , لە هەوڵی نزیك بونەوەی بەردەوامدان لەگەڵ یەكتر , 26 كۆنتراكتی بازرگانییان مۆر كرد و پارساڵیش بازرگانی نێوانییان گەیشتە 1,6 ملیار دۆلار , ئەمەش بەرزترین ڕێژەیە لە مێژوودا .

ئەفغانستان

له ئه‌نجامی به‌فربارینی زۆره‌وه 260 ئه‌فغانی گیانیان له ده‌ست دا له ناوچه‌كانی ناوه‌ڕاستی ئه‌فغانستان , هه‌روه‌ها 160 كه‌سی كه‌ش له ئاكامی داڕمانی به‌فره‌وه بونه قوربانی .

## یه‌مه‌ن

سانديكای پزيشكانی يه‌مه‌نی ده‌ستييان كرد به مانگرتنێكی به‌ش به‌شی , له پێناو زيادكردنی مانگانه‌كانييان كه ئێستا كه‌متره له 100 دۆلار بۆ يه‌ك مانگ , ڕايان گه‌ياند ئه‌گه‌ر وه‌ڵام به داواكارييه‌كه‌مان نه‌ده‌نه‌وه ئه‌وا له كۆتايی ئه‌م مانگه‌دا مانگرتنی سه‌رانسه‌ری ڕاده‌گه‌يه‌نين .

## سه‌ردانی بۆش بۆ ئه‌وروپا











بۆش به خۆيی و ستافێكی 700 كه‌سييه‌وه شه‌وی يه‌كشه‌ممه گه‌يشته برۆكسلی به‌لجيكا , سه‌رباری كۆندۆلۆزا ڕايس و ستافه 50 كه‌سييه‌كه‌ی . له‌م گه‌شته‌يدا له‌گه‌ڵ ئه‌وروپييه‌كان ئه‌م بابه‌تانه ده‌خاته به‌ر باس و گفت و گۆ .
په‌يوه‌ندييه‌كان له‌گه‌ڵ ئه‌وروپا , مه‌لفی به‌رنامه‌ی نه‌وه‌وی ئێران و سورياو لوبنان .له هه‌مان گه‌شتدا چاوی به شرۆده‌ر له ئه‌ڵمانيا و پۆتين له سلۆڤينيكا ده‌كه‌وێت .
سه‌دان كه‌س له برۆكسل دژ به بۆش خۆپيشاندانيان سازكرد داواكارييه‌كانييان خۆی ده‌بينيه‌وه له مۆرنه‌كردنی په‌يماننامه‌ی كيوتۆو له لايه‌ن ئه‌مه‌ريكاو شه‌ڕدژ به عێراق و كێشانه‌وه‌ی سوپای ئه‌مه‌ريكا له ئه‌وروپا . پێشبينی وايه له ڕۆژانی داهاتوودا ناڕه‌زايه‌تييه‌كان به‌رفراوانتر ببێت به‌هۆی به‌شداری كۆمه‌ڵه‌كانی ژينگه‌و مافی مرۆڤ و ئاشتی و سۆسيالستی و دژ به گلۆباڵيزه .

## قه‌رزاوی




يوسف قەرزاوی تەواوی ئەو پەرتوکانەی لە کتێبخانەکان میسر کڕییەوە کە باسی لە ژیانی دەکرد و ڕەخنەی لیٚ دەگرێت , کە یەکێك لە زانایانی ئەزهەر بە ناوی شێخ ئوسامە سەید نوسیوییەتی , بە قەبارەی 370 لاپەڕەی گەورە . باس لەو فتوایانە دەکات قەرزاوی لە بەرژەوەندی دەسەلاٚتداران و دەولەمەندە عەرەبەکان و سەفارەتخانەکانی وولاٚتانی بێگانە نوسیوییەتی لە بوارەکانی :

ژن, جیهاد , قازانجی بانك , ..... , هەروەها باس لە هەندێك پەیوەندی گومان لێکراوی قەراوی لەگەلٚ هەندێك دەزگای موخابەراتی وولاٚتان دەکات . باشە ئەمجارە بیکڕێتەوە بۆ داهاتوو چی دەکات !!.